کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-4-2007 22:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەلایەن (ISCP) ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەتی وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا بەباشترین سایتی کوردی دەست نیشان کرا

کوردستان نێت.. سلێمانی:ئاسۆ
لەکۆنفرانسی ئازادی ڕۆژنامەگەری کوردی دا کەلەیادی تێپەڕبونی 109 بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی دا لەلایەن گۆڤاری لڤین و ڕێکخراوی گەشپێدانی مرۆی ئێراقی، لەهۆڵی ئوتێل ئاشتی سلێمانی سازکرا لەسێیەمین ڕۆژی ئەوکۆنفرانسەدا لەلایەن (ISCP) ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەتی وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لەعێراق دەرەنجامی ڕاپرسیەك خرایەڕوو کە لەهەرچوار شاری باشوری کوردستان (سلێمانی - هەولێر – دهۆك –کەركوك) ئەنجامدراوە و زیاتر لەهەزارکەس تیدا بەشدار بوون لەسەرجەم چین وتوێژەکان، سایتی کوردستان نێت بەباشرین سایتی کوردی دەستنیشان کرا و لەنیو ڕۆژنامە کانیشدا ڕۆژنامەی هاوڵاتی و لەڕادیۆکانیشدا ڕادیۆی نەواو لەنێو تەلەفیزۆنەکانێشدا لەسەر ئاستی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی زاگرۆس ولەسەر ئاستی ناوحۆش تەلەفزیۆنی یەگرتوو و لەسەر ئاستی گۆڤاریش لڤین باشترین گۆڤار بوو. کوردستان نێت لە ڕۆژانی داهاتودا لەم بارەیەوەڕاپۆرتێك بڵاودەکاتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.